www.kurdistannet.org
16-2-2006 12:13بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێزان: پشکۆ نەجمەدین و نووسەرانی نامەی پشتگیری لە مەریوان هەڵەبجەیی ... سامان ئەحمەد

دوای سڵاو...
ئازیزان هەرچەندە من لە ووتارێکی تایبەتدا بە ناوی (با لە دیفاعمان لە ئازادی، لە مەریوان هەڵەبجەیی.. لێبراو بین) سەرنج و ڕەخنەکانی خۆم لە سەر نامەکەتان و شێوەی بەرگری ئێوە لە ئازادی بیروڕا باس کردووە. هەروەها دووجار مەریوان هەڵەبجەیی خۆی لە ڕادیۆی هاوپشتی و سیمینارێکی پاڵتاکەوە سەرنجی خۆی لەسەر نامەکەتان ڕاگەیاندووە و داوای لێکردوون کە ئەو بەشەی کۆتایی نامەکەتان بگۆڕن. بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نامەکەتان بە نەگۆڕی ماوەتەوە!
من جارێکی تر لە ڕێگای ئەم نامەیەوە ئەوەرادەگەیەنم کە شێوازی بەرگری و ڕێگاچارەیەك کە ئێوە نیشانتان داوە لەگەڵ پرەنسیپی ئازادی بیروڕا ناکۆکە و لە بەرژەوەندی مەریوان هەڵەبجەیی دا نی یە. ئەو ڕێگایە ئەمڕۆ بەکردەوە یەکگرتووی ئیسلامی (لەپاڵ هەرەشە و تەشهیر و سوکایەتیەکانیدا) لەباری قانونیشەوە لە پەیوەند بەم مەسەلەیەوە گرتوویەتیە بەر و هەوڵ دەدا مەریوان وەکو تاوانبارێك بدات بە دادگا.
پێویستە هەمووان ئەوە بزانین کە ئەوە عەقڵی ژەنگرتووی ئیسلامی سیاسی یە کە هەر قسەوباسێك لەسەر ئیسلام بە کاری نەکردەو تاوانێکی گەورە و سوکایەتی بە مقدساتی ئیسلام لەقەڵەم دەدات و سزای کوشتن و تیرۆر لە بەرامبەریدا بەکار دەهێنێ. ئێوە ئەو ڕاستیە دەزانن کە لە ئیسلام و ئیسلامی سیاسی دا زمانی دایلۆك و ڕەخنە نەك هەر نی یە بەڵکو بە شمشێر و مل پەڕاندن وەڵامی هەر کەسێك دەدەنەوە کە تێگەیشتنی پێچەوانە و و ڕەخنەی خۆی ئاراستەی ئیسلام و قورئان و شەریعەت بکات.
هەربۆخۆی ناوهێنانی دادگا بەمانای ڕوودانی تاوانێکە، بەڵام ئایا ئازادی قەڵەم و نووسین و بڵاوکردنەوە لەسەر هەر دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی و مێژوویی، تاوانە؟
مەریوان هەڵەبجەیی وەکو ڕۆشنفکرێکی ئازادیخوازی شارەزا لە بواری مێژووی ئیسلام بە پشت بەستن بەدەق و سەرچاوە دینیەکانی ئیسلام خۆی دیوی ڕاستەقینە و واقعی ئیسلامی لەسەر سێکس و ژن نیشان داوە و پەردەی لەسەر ڕاستیەك هەڵماڵیوە کە بە دنیایەك قەدەغە و بڤە و کفرو عەیبە داپۆشراوە. ئەمە کارێکی زانستی و مەعریفی یە. بۆیە کەسانێك کە ئەمەیان پێ دروست نی یە و بە سوکایەتی دینەکەیانی دەزانن مافی سروشتی خۆیانە قەڵەمەکانیان (نەك شمشێرەکانیان) هەڵبگرن و بە هەمان دەق و سەرچاوە دینی یەکانی خۆیان وەڵامی مەریوان بدەنەوە و بەرگری لە دینەکەی خۆیان بکەن. ئەمە ڕێگاو ڕەوشتی پارێزگاری و بەرگری کردنە لە ئازادی بیروباوەڕ بۆ هەر کەس و لایەن و حزب و دین... هتد. نەك فتوای کوشتن و خستنە ناو قەفەسی ژێر ڕەحمەتی دادگاوە.
بەڕای من دەبوایە نامەکەی ئێوە بە پێچەوانەوە داوای ئەوەی بکردایە کە ئەوانەی لە بەرامبەر ئازادی بیروڕا و (قەڵەم و نووسین و کتێبەکەی) مەریوان دا، ئیحساسات و ڕایەڵ و دەمارگیری دینی دەوروژێنن و لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە و تەشهیر و سوکایەتی و فتوای کوشتنی مەریوان (لەلایەن چەند مەلا و کۆمەڵی ئیسلامیەوە) دەدەن لەلایەن

دەسەڵاتدارانەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و بەریان پێ بگیرێت، چونکە ئەوە ئیتر تاوان و تیرۆری فکر و خودی ئینسانە نەك تەنها پێشێلکردنی ئازادی بیروڕا. هیوادارم ئەم کارە بکەن ئەم مەسەلەیە ئیزافە بکەنە سەر نامەکەتان.

پاشان سەرباری ئەمانەش ئێوە ئاگادری دادگا و قانونەکانی کوردستانن کە تا ئەمڕۆ بە هەمان قانونەکانی ناسیۆنالیست ـ ئیسلامی ڕژێمی بەعس بەڕێوە دەچێت. هەروەها ئیسلامی سیاسی لە کوردستان سەرەڕای ململانێی خۆی لەگەڵ حزبە دەسەڵاتدارەکان لە حکومەت و دەسەڵاتدا شەریکە و دەیەوێت ئەمە بۆ ملهوڕی وکۆنەپەرستی خۆی بەکاربهێنێ، ئەوەتا وەزیری ئەوقاف کە چوارچێوەی کاری ئەو پەیوەندی بە دادگا و قانونەوە نی یە دەستگیرکردنی مەریوان ڕادەگەیەنێ. بەم مانایە لە کوردستاندا دادگایەکی مۆدێرن و عادیلانە لە ئارادا نیە هەتا ئازادیە فەردی و مەدەنیەکان و ئازادی بیروباوەڕ بپارێزێت.

هەربۆیە جارێکی تر داوا لە بەڕێزتان دەکەمەوە بڕگەی کۆتایی نامەکەتان بگۆڕن و لەبەرامبەردا داوا لە دەسەڵاتداران بکەن کە لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو مەلایانە و کۆمەڵی ئیسلامی بکەن کە هەڕەشەو سوکایەتی بە مەریوان دەکەن وفتوای کوشتنی مەریوان دەدەن. ئەمە تەنیا ڕێگای دروست و واقعی یە بۆ کەسێك کە دەیەوێت ژیانی مەریوان لە مەترسی ڕزگار بکات و بەرگری لەئازادی بیروڕا بکات.

هیوادارم ئێوەش ئەم کارە بکەن و جووڵانەوەی بەرگری لە ئازادی سیاسی و بیروڕا هەرچی زیاتر بەهێزتر و فراوانتر و یەکدەست بکەین. لەم ڕێگایەشدا خۆم بە شەریك و هاوخەباتی ئێوە دەزانم.

بە سڵاوی دووبارەوە
٢٠٠٥/٢/١٥